پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش هەموو نوێژێک ئەم تەهلیلەی دەووت

لە ئەبی زوبەیرەوە دەڵێت: ئیبن زوبەیر لەدوای هەموو نوێژێک پاش ئەوەی سەلامی دەدایەوە، دەیووت: «لا إله إلا الله وحده لا شريكَ له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيءٍ قديرٌ، لا حولَ ولا قوةَ إلا بالله، لا إله إلا الله، ولا نعبد إلا إيَّاه، له النِّعمة وله الفضل، وله الثَّناء الحَسَن، لا إله إلا الله مخلصين له الدِّين ولو كَرِه الكافرون»^.
وەیووت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش هەموو نوێژێک ئەم تەهلیلەی دەووت». (تەهلیل: واتە زیکرێک -لا إله إلا الله-ی تێدا بێت)، ^(واتە: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، وتەنها خۆی شایەنی پەرستنە وهیچ هاوبەشێکی نییە، هەموو مولْک وسوپاسێک تەنها هەر بۆ ئەوە، وئەو تواناداره لە سەر هەموو کارێک، هیچ هێز وتوانایەکمان نییە تەنها ئەوە نەبێت لای ئەوەوە دێت، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە الله، بە تەنها ئەو دەپەرستین وهەموو نیعمەت وفەزڵێک هی ئەوە ومولْکی ئەوە، وهەموو وەسفێکی جوان هەر بۆ ئەوە، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە الله، دینداریمان بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە هەر تەنها بۆ ئەوە ئەگەرچی کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێت).

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش هەموو سەلامدانەوەیەکی نوێژی فەرز ؛ تەهلیلی دەووت -تەهلیل: واتا زیکرێت [لا إله إلا الله]ی تێدا بێت-، واتای: (لا إله إلا الله)، واتە: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله. (وحده لا شريكَ له) واتا: تەنها خۆی شایەنی پەرستنە وهیچ شەریک و هاوبەشێکی نییە لە خودایەتی -پەرستراوێتی- وپەروەردگارێتی وناو وسیفەتەکانیدا. (له الملك) واتا: هەموو شتێک لە گەردووندا وئەوەی لەنێوان ئاسمانەکان وزەوییە بەگشتی وبەڕەهایی تەنها مولْکی ئەوە. (وله الحمد) واتا: هەموو حەمد وسوپاسێک تەنها هەر بۆ ئەوە، لەگەڵ کاملّی خۆشویستن و بەمەزنداناان لە هەموو کاتێکدا لەخۆشی وناخۆشیدا. (وهو على كل شيءٍ قديرٌ)، واتا: وئەو تواناداره لە سەر هەموو کارێک، توانا وهێز ودەسەڵاتی کاملّە لەهەموو ڕوویەکەوە، وهیچ شتێک نییە کە بێ توانا بێت لەسەر کردنی، وهیچ شێک لەژێر دەسەڵاتی دەرناچێت. (لا حولَ ولا قوةَ إلا بالله)، واتا: هیچ هێز وتوانایەکمان نییە تەنها ئەوە نەبێت لای ئەوەوە دێت، وناتوانین لە حاڵێکەوە بگۆڕێین بۆ حاڵێکی تر، یان لە سەرپێچیەوە بڕۆین بەرەو گوێڕایەڵی ؛ هیچ هێز وتوانایەکمان لەسەر ئەم کارە نییە مەگەر بە یارمەتی پەروەردگار وتەوەکول بە ئەو زاتە نەبێت. (لا إله إلا الله، ولا نعبد إلا إيَّاه)، واتا: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، وبە تەنها ئەو دەپەرستین، ئەم زیکرە جەختکردنەوەیە لەسەر خودایەتی -پەرستراوێتی- الله، ونکۆڵیکردنە لە شیرک، وتەنها ئەو شایستەی پەرستنە. (له النِّعمة وله الفضل)، واتا: وهەموو نیعمەت وفەزڵێک هی ئەوە ومولْکی ئەوە، تەنها ئەو نیعمەتەکان دەخولْقێنێت وخاوەنیانە، وبە فەزڵی خۆی دەیبەخشێت بە هەرێەکێک بیەوێت لە بەندەکانی. (وله الثَّناء الحَسَن)، واتا: وهەموو وەسفێکی جوان هەر بۆ ئەوە، لە زاتی مەزنی وسیفەتەکانی وکردەوە ونیعمەتەکانی، وله هەموو حاڵەتێکدا. (لا إله إلا الله مخلصين له الدِّين)، واتا: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، دینداریمان بە دڵسۆزی وئیخلاصەوە هەر تەنها بۆ ئەوە، واتا موەحیدین -یەک خوا پەرستین- لە گوێڕایەڵی خوای گەورە ؛ نەک بۆ ڕیایی وناوبانگ بێت. (ولو كَرِه الكافرون)، واتا: ئەگەرچیش کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێت ئێمە جێگیر ودامەزراوین لەسەر تەوحید -یەک خوا پەرستی- وپەرستنی الله.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6203